# داواکاری پەنابەری تۆ
## زانیاری دەربارەی پرۆسەی گشتی پەنابەری

**بۆچی ئەم پەڕەیەتان بەدەستگەیشت؟**
تۆ لە هۆڵەندا داوای پەنابەریت کرد. مافی پەنابەری: پاراستن لە وڵاتێکی تر بۆ ئەو کەسانەی کە لە وڵاتی خۆیان سەلامەت نین و ناتوانن لە وڵاتی خۆیان پارێزگاری وەربگرن.

کاتێك داوای پەنابەری دەکەیت، ئەوا بە فەرمی داوای مۆڵەتی نیشتەجێبوون لە حکومەتی هۆڵەندا دەکەیت. تۆ پێویستت بەم مۆڵەتە هەیە بۆ ئەوەی لە هۆڵەندا بژیت. دوای داواکاری پەنابەریت، پرۆسەی پەنابەری دەست پێدەکات. ئەمە ڕێکارێکی یاساییە کە حکومەتی هۆڵەندا هەڵسەنگاندن دەکات لەوەی ئایا دەکرێت تۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوون وەربگریت.

لەم پەڕەیەدا دەتوانیت ئەوە بخوێنیتەوە کە لە کاتی پرۆسەی پەنابەریدا ڕوودەدات. هەروەها دەبێت ئەوە بخوێنیتەوە کە پێویستە بیکەیت (ئەرکەکانت) و ئەوەی دەتوانیت چاوەڕێی بکەیت لە حکومەتی هۆڵەندا (مافەکانت).

# بەرکەوتەی چ ڕێکخراوێك دەبیت؟

**Centraal Orgaan opvang asielzoekers** (COA) لەماوەی ڕێکاری پەنابەریدا، پێشوازی و ڕێنمایی دابین داکات بۆ داواکەرانی پەنابەری لە وڵاتی هۆڵەندا. هەروەها COA بیمەی خۆراك و تەندروستیت بۆ دابین دەکات. COA دەتوانێت پەیوەندیت لەگەڵ پزیشکدا بۆ فەراهەم بکات. COA ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە و بڕیار لەسەر داواکاری پەنابەری تۆ نادات.
www.coa.nl

**GezondheidsZorg Asielzoekers** (GZA) ئەو ڕێکخراوەیە کە تۆ سەردانی دەکەیت کاتێك نەخۆشبیت یاخود نیگەرانی تەندروستیت هەبێت. ناوەندی تەندروستی GZA بەردەستە لە یان نزیکە لە هەر ناوەندێکی وەرگرتنی COA. GZA لەگەڵ یاریدەدەری پزیشك، پەرستار، یاریدەدەری کرداری GGZ یان پسپۆڕی گشتی چاوپێکەوتنت بۆ ڕێکدەخات.
www.gzasielzoekers.nl

**VluchtelingenWerk Nederland** (VWN) ڕێکخراوێکی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤە کە لە پیناو نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندییەکانی داواکەرانی پەنابەری دامەزراوە. VWN ڕێکاری پەنابەری دابین دەکات و ڕوندەکاتەوە، ئاگادارت دەکاتەوە و هاوڕییەتیت دەکات لەڕێکاریەکەدا، و نێوەندگیری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر دابین دەکات. وە لە نزیکەوە لەم بابەتەدا لەگەڵ پارێزەرەکەت کار دەکات. VWN بڕیار لەسەر داواکاری پەنابەری تۆ نادات.
www.vluchtelingenwerk.nl
[www.refugeehelp.nl](http://www.refugeehelp.nl)

**Raad voor Rechtsbijstand** (RvR) دڵنیایی دەدات کە هاوکاری لە پارێزەرێکەوە وەردەگریت ئەگەر تۆ خۆت نەتوانیت خەرجی پارێزەر دابین بکەیت. RvR بۆ ئەم یارمەتییە قەرەبووی پارێزەرەکە دەکاتەوە. پارێزەرەکە لەلایەن RvR ەوە نەخراوەتە سەر کار. پارێزەرەکە دابینکەرێکی یاسایی سەربەخۆیە کە یارمەتیت دەدات لە پرۆسەی پەنابەریتدا.
www.rvr.org

**Immigratie- en Naturalisatiedienst** (IND) بەشێکە لە وەزارەتی داد و ئاسایشی هۆڵەندا. IND پشکنین دەکات لەسەر شایستەبوونت بۆ پەنابەری لە هۆڵەندا. لەبەر ئەمەیە تۆ لەگەڵ کارمەندەکاندا دەربارەی خۆت قسە دەکەیت. بۆچی لە هۆڵەندا داوای پەنابەریت کرد؟ IND پشکنین دەکات بۆ چیرۆکی کەسێتی و بارودۆخت لە وڵاتی ڕەسەنی خۆت. پاشان، IND بڕیار دەدات کە ئاخۆ دەتوانیت لە هۆڵەندا (بەشێوەیەکی کاتی) بمێنیتەوە یان نا.
www.ind.nl

**پاسەوانانی ئاسایش** لە بیناکانی IND و لە ناوەندەکانی وەرگرتنی COA ئامادە دەبن. لەڕێگەی جلوبەرگیانەوە دەیانناسیتەوە. ئەوان بۆ سەلامەتی تۆ لەوێن. هەروەها دەتوانیت پرسیاریان لێ بکەیت دەرباسەبارەت بەوەی چی شتێك ڕێگەپێدراوە لە بینا و شوێنەکانی IND و COA، وە چی شتێك ڕێگەپێدراو نییە. ئەم پاسەوانانەی ئاسایش هیچ کاریگەرییەکیان نییە لەسەر بڕیاردان لەسەر داواکاری پەنابەری تۆ.

**Dienst Terugkeer en Vertrek** (DT&V) ئەمە بەشێکە لە وەزارەتی داد و ئاسایشی هۆڵەندا و بەرپرسە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی گەڕاندنەوەی حکومەتی هۆڵەندا. ئەگەر داواکاری پەنابەریت لەلایەن IND ڕەتکرایەوە، ئەوا DT&V دەربارەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی ڕەسەنت چاوپێکەوتنێکت لەگەڵدا ئەنجام دەدات.
www.dienstterugkeerenvertrek.nl

**Internationale Organisatie voor Migratie** (IOM) ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە و لە سەرانسەری جیهاندا پاڵپشتی لە کۆچبەران دەدات. کاتێك دەتەوێت ئازادانە هۆڵەندا جێبهێڵیت، ئەوا IOM دەتوانێت هاوکاریت بکات. IOM دەربارەی گەڕانەوە و دووبارە تێکەڵکردنەوەزانیاری کرداریت پێدەدات و ڕێنماییت دەکات بۆ ڕێکخستنی دەرچوونت لە هۆڵەندا. دەتوانیت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە IOM، DT&V و VWN یاخود پارێزەرەکەتەوە بکەیت بۆ ئەوەی لەم بابەتەدا هاوکاریت بکەن.
www.iom-nederland.nl

بەپێی یاسای شارستانی هۆڵەندی، Nidos کە دامەزراوەیەکی فەرمییە، چاودێری بۆ هاوڵاتیانی بیانی بێ سەرپەرشت دابین دەکات. Nidos کۆنترۆڵی گەشەی گەنجەکە دەکات لە پشتبەستن بەخود و کاتێك ئەو گەشەکردنە لە بوەستێت، ئەوا دەست دەخاتە ناو دۆخەکەوە. پسپۆڕان لە Nidos بەشداران و تیشك دەخەنە سەر بەرژەوەندییە کەسییەکانی گەنج لە کاتێکدا ڕێز لە باشبنەمای کلتووری دەگرن. هەروەها Nidos سەرپەرشتی ئەو منداڵانە دەکات کە لە لایەن COA پێشوازییان لێدەکرێت، چونکە پەروەردەی خێزانەکە بە باشی ناڕوات. لەو بارەیەوە، Nidos پشتگیری دایك و باوك دەکات بۆ گەڕاندنەوەی دۆخی بەخێوکەری.
www.nidos.nl

**Dienst Justitiële Inrichtingen** (DJI) بەشێکە لە وەزارەتی داد و ئاسایشی هۆڵەندا. ئەگەر لە ناوەندی دەستبەسەرکردنی کۆچبەراندا بیت، ئەوا لە بینایەکی داخراودا دەمێنیتەوە. DJI ئەم بینایە بەڕێوە دەبات کارمەندانی DJI جلوبەرگی فەرمییان لەبەردایە. لەماوەی مانەوەتدا لە بینا داخراوەکە، ئەوان گرنگیت پێدەدەن و ڕێبەریت دەکەن.
www.dji.nl

## چاوەڕوانی چی لە تۆ دەکرێت؟

لە ماوەی ڕێکارییەکەدا، گرنگە کە بە ڕوونی باسی ئەوە بکەیت کە بۆچی تۆ لە وڵاتی هۆڵەندا پێویستت بە پاراستنە. بە هەمان شێوە چاوەڕوانی ئەوت لێدەکرێت هەموو ئەو بەڵگانەی کە لە بەردەستتدان یان دەتوانیت بەدەستیان بهێنیت نیشان بدەیت (وەکو بەڵگەنامەکانت یان، بۆ نموونە نامەکان کە پشتگیری چیرۆکەکەت دەکەن) بۆIND.

پێش چاوپێکەوتنی خۆتۆمارکردن، دەربارەی ناردنی بەڵگەنامەکان پەیامێکت لە IND پێدەگات. ئایا دوای چاوپێکەوتنی خۆتۆمارکردن بەڵگەنامەی گرنگت پێدەگات بۆ داواکاری پەنابەریت؟ لەم پەڕەیەدا دەتوانیت دەربارەی چۆنیەتی پێشکەشکردنی بەڵگەکانت بە IND بخوێنیتەوە.

ئایا هیچ شتێك لە بارودۆخی کەسی تۆدا بوونی کە پێویستبێت IND ڕەچاوی بکات؟ دواتر دەتوانیت ئەمە بە VluchtelingenWerk Nederland (VWN) یاخود IND بگەیەنیت.
دواتر IND دەتوانێت ڕێوشوێنەکان بگرێتەبەر، بۆ نموونە لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا یان لە ناوەندی پێشوازیکردن لە COA. IND هەوڵدەدات بە باشترین شێوە پشتگیریت بکات.

## ئایا ئامادەکاری بۆ ڕێکاری پەنابەریت دەکەیت؟

RVT، تۆ لە ناوەندێکی پێشوازی COA دەژیت.

بە گشتی لە ماوەی پشوودان و ئامادەکردن پشکنینی پزیشکی وەردەگریت بۆ دەرخستنی ئەوەی کە ئاخۆ تۆ دەتوانیت دەربارەی هۆکارەکانی پەنابەریت قسەمان بۆ بکەیت. هەروەها لە ماوەی پشوودان و ئامادەکردن، تۆ زانیاری دەربارەی ڕێکاری پەنابەری VluchtelingenWerk Nederland (VWN) وەردەگریت. VWN لە ڕێکاری پەنابەریدا ڕێنماییت دەکات و پشتگیریت دەکات. ئەم یارمەتییە بەخۆڕاییە. پێش دەستپێکردنی ڕێکاری پەنابەریت، تۆ پارێزەرەکەت دەبینیت. پارێزەرەکەت یاسا و ڕێساکانی پەنابەری دەزانێت. وە یارمەتیت دەدات بۆ ئامادەکردنی چاوپێکەوتنە وردەکەت. ئەمە گفتوگۆیەکە لەگەڵ IND کە تێیدا تۆ ڕوونی دەکەیتەوە بۆچی داوای پەنابەری دەکەیت. یارمەتی پارێزەرەکەت بە گشتی بەخۆڕاییە.

ئەگەر منداڵی تەمەن ١٥ ساڵ یان گەورەترت هەبێت، ئەوا چاوپێکەوتنی وردی خۆیان وەردەگرن. ئایا منداڵی تەمەن ١٢ بۆ ١٥ ساڵانت هەیە کە هۆکاری خۆیان هەبێت بۆ داواکردنی پەنابەری؟ بە هەمان شێوە ئەوان دەتوانن چاوپێکەوتنی وردی خۆیان لەگەڵ IND وەربگرن ئەگەر بیانەوێت. دەتوانیت ئەمە بە پارێزەرەکەت ڕابگەیەنیت.

## پرۆسەی پەنابەری ڕۆژ بە ڕۆژ

لە ڕۆژی دیدارەکەت لەگەڵ IND، پێویستە تۆ بڕۆیت بۆ نووسینگەی IND. لێرەوە ڕێکاری گشتی پەنابەری (AA) دەستپێدەکات. بە شێوەیەکی AA ٦ ڕۆژ دەخایەنێت. هەروەها ڕێکاری گشتی پەنابەری درێژتر هەیە: واتە AA+، کە بە گشتی ٩ ڕۆژ دەخایەنێت. ڕێکاری گشتی پەنابەری درێژتر بۆ داواکاری پەنابەرییە کە IND چاوەڕوانی چاوپێکەوتنێکی بەدواداچوونی درێژتر دەکات یاخود پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە. هەروەها بۆ ئەو پەنابەرانەی بەهۆی کێشەی دەروونی یان جەستەییەوە پێویستیان بە چاودێری زیاترە. دوای IND، لە ماوەی پشوودان و ئامادەکردندا بڕیاردەدرێت کە ئایا پێویستە بچیتە ڕێکاری گشتی پەنابەری AA یان AA+.

لە ماوەی ڕێکاری پەنابەریدا، دەتوانیت لە هەمان شوێنی پێشوازیکردن بمێنیتەوە کە تێیدا لە کاتی ئامادەکاری بۆ ڕێکاریەکە مایتەوە. هەندێک جار، دوای ماوەی پشوودان و ئامادەکردن، تۆ دەنێردرێیت بۆ ناونیشانێکی پێشوازی نزیك لە نووسینگەی IND. بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ IND، تۆ دەبردرێیت بۆ نووسینگەی IND، مەگەر مەوداکە ئەوەندە کەم بێت کە بتوانیت بە پێ بڕۆیت. دەتوانیت لە خوارەوە ئەوە بخوێنیتەوە کە ڕۆژانە لە ڕێکاری پەنابەریدا ڕوودەدات.

ڕێکاری گشتی پەنابەری (AA)

**ڕۆژی یەکەم: چاوپێکەوتنی ورد**
چاوپێکەوتنە وردەکە بریتییە لە گفتوگۆیەك لەگەڵ کارمەندانی IND. لەم گفتوگۆیەدا، دەتوانیت بە وردی هۆکارەکانی داواکاری پەنابەریت ڕوونبکەیتەوە. هەروەها IND لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا پرسیارت لێدەکات. ئەگەر بتەوێت، ئەوا دەتوانیت داوا لە VWN بکەیت لە چاوپێکەوتنە وردەکەدا هاوڕێیەتیت بکەن. بە هەمان شێوە دەتوانیت لە ڕێگەی پارێزەرەکەتەوە ئەمە ڕێکبخەیت.

لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا وەرگێڕێك ئامادە دەبێت. ئەو پرسیارانەی IND بە زمانی هۆڵەندی دەکرێت. وەرگێڕەکە ئەم پرسیارانە وەردەگێڕێتە سەر زمانێك کە تۆ بتوانیت لێی تێبگەیت. وەرگێڕەکە وەڵامەکانت وەردەگێڕێتە سەر زمانی هۆڵەندی. وەرگێڕ سەربەخۆیە، لە IND کار ناکات و هیچ کاریگەرییەکی نییە لە بڕیاردان لەسەر داواکاری پەنابەریت. سەرنجێکی گرنگ: ئەگەر تۆ و وەرگێڕەکە ناتوانن بە باشی لە یەکتر تێبگەن، یەکسەر ئاگادارمان بکەرەوە. دواتر IND هەوڵدەدات وەرگێڕێکی تر دابین بکات. ئەوە زۆر گرنگە کە تۆ بە دروستی لە پرسیارەکان تێبگەیت بۆ خۆبەدوورگرتن لە هەڵەتێگەیشتن. IND چاوپێکەوتنە وردەکات دەکات بە ڕاپۆرتێك. ئایا بەیەکەوە لەگەڵ هاوسەرەکەت داوای پەنابەریت کردووە؟ پاشان هەریەك لە ئێوە چاوپێکەوتنێکی تایبەتتان لەگەڵ کارمەندێکی IND بۆ ڕێکدەخرێت.

ئەوە گرنگە کە تۆ هەموو ئەو شتانەمان پێ بڵێیت کە نیشانی دەدەن تۆ پێویستت بە پاراستنە. دەربارەی ئەوەی کە بەسەرت هات و بۆچی ناتوانیت پارێزگاری لە وڵاتەکەی خۆت وەربگریت ڕاستگۆ و تەواو و ڕوونبە. ئەگەر ناتوانیت ڕووداوێکی دیاریکراوت بە دروستی بیربکەوێتەوە، ئەوا IND ئاگاداربکەرەوە. کارمەندی IND ئاگاداری بارودۆخی گشتی وڵاتەکەی تۆیە. باسکردنی دۆخی خۆت زۆر گرنگە: بۆچی پێویستت بە پاراستنی کەسییە؟ زۆرترین وردەکاری پەیوەندیدار بڵێ. ئایا هیچ شوێن برینێك، نیشانەیەکی جەستەیی یان دەروونیت هەیە کە پەیوەندداربێت بە هۆکاری داواکاری پەنابەریت؟ ئەگەر وایە، ئەوا گرنگە تۆ ئەمە بە IND بڵێیت. ئەگەر IND بۆی دەبکەوێت کە پشکنینی پزیشکی سودی

دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەت، ئەوارەنگە دواتر بڕیار بدات بە پێشکەشکردنی. تۆ بە هەمان شێوە دەتوانیت خۆت ئەو تاقیکردنەوەیە بە تێچووی خۆت ئەنجام بدەیت.
بە هەمان شێوە وەگێڕێکیش لەم چاوپێکەوتنەدا ئامادە دەبێت. تۆ ڕاپۆرتی چاوپێکەوتنە وردەکەت لەلایەن IND یاخود پارێزەرەکەتەوە پێدەگات.

**ڕۆژی دووەم: گفتوگۆکردن لە سە ر چاوپێکە وردەکە**
پارێزەرەکەت ڕاپۆرتی تەواوی چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ تۆدا باس دەکات. لە ماوەی ئەم گفتوگۆیەدا وەگێڕێك یارمەتی وەگێڕانی هەموو ئەو بابەتانە دەدات کە تۆ و پارێزەرەکە دەیڵێن. ئەگەر لە ڕاپۆرتەکەدا شتێك کەم بوو یاخد هەڵە بوو، ئەوا پارێزەرەکەت لە نامەیەکدا بۆ IND ئەمە ڕاپۆرت دەکات.

**ڕۆژی سێیەم: بڕیاری یەکەم**
IND هەڵسەنگاندنی ئەوە دەکات کە ئایا تۆ مەرجەکانی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی پەنابەریت تێدا بەدی دەکرێت. ئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنە ئەوە دیاری دەکات کە چۆن ڕێکاری پەنابەری تۆ بەردەوام دەبێت. سێ بژاردە بوونیان هەیە:

1. تۆ مەرجەکانی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی پەنابەریت تێدا بەدی دەکرێت. تۆ (لە ڕێگەی پارێزەرەکەتەوە) نامەیەکت لە لایەن IND (= بڕیارەکە) پێدەگات کە ئاماژە بەوە دەکات داواکاری پەنابەریت پەسەندکراوە. تۆ دەتوانیت لە هۆڵەندا (بە شێوەیەکی کاتی) بمێنیتەوە. پارێزەرەکەت ڕونی دەکاتەوە ئەمە چۆن کاریگەری لەسەر تۆ دەبێت.
2. IND پێویستی بە کاتی زیاترە بۆ لێکۆڵینەوە و ناتوانێت لە ماوەی ٦ ڕۆژدا (یان ٩ ڕۆژ لە (AA+)) بڕیار لەسەر داواکاری پەنابەریەکەت بدات. IND لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکات لە داواکاری پەنابەریت لە ڕێکاری پەنابەری درێژکراوە. دواتر بڕیار لەسەر داواکاری پەنابەری تۆ دەدرێت. تۆ پەڕەیەکی ترت پێدەگات کە زانیاری دەربارەی ئەم ڕێکاری پەنابەریە درێژکراوەیە تێدایە.
3. IND ڕایدەگەیەنێت کە تۆ مەرجەکانی ڕێگەپێدانی پەنابەری جێبەجێ ناکەیت. تۆ (لە ڕێگەی پارێزەرەکەتەوە) نامەیەکت لە IND پێدەگات، کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە IND بەنیازە داواکاری پەنابەریەتیت ڕەتبکاتەوە. ئەم نامەیە ناودەبرێت بە 'مەبەستێك'. هەروەها، ئەم نامەیە هۆکارەکانی ئەم ڕەتکردنەوەیە و ئەوەی کە چ دەرەنجامێکی لەسەر تۆ دەبێت ڕادەگەیێنێت. پارێزەرەکەت گفتوگۆی ئەم نامەیەت لەگەڵدا دەکات.

**ڕۆژی چوارەم: وەڵامدانەوەی بڕیار**
ئەگەر IND پلانی ڕەتکردنەوەی داواکاری پەنابەریەتی تۆ هەبێت، ئەوا ئەم باباتە لەگەڵ پارێزەرەکەتدا باس بکە. پارێزەرەکەت دەتوانێت وەڵامێکی نووسراو لە دژی بڕیارەکە بنێرێت بۆ IND. ئەمە نامەیەکە کە بە فەرمی وەڵامی خواستی IND دەداتەوە. لەم نامەیەدا دەتوانیت ئەوە ڕونبکەیتەوە کە بۆچی ناڕازیت بەرامبەر مەبەستەکە.

**ڕۆژی پێنجەم و شەشەم: بڕیار**
دوای خوێندنەوەی وەڵامەکەت، IND هەڵسەنگاندنی ئەوە دەکات کە ئاخۆ خواستەکە پێویستی بە ڕێکخستن هەیە. ئەنجامی ئەم بڕیارە ئەوە دیاری دەکات کە چۆن ڕێکاری پەنابەری تۆ بەردەوام دەبێت. تۆ نامەیەکت (لە ڕێگەی پارێزەرەکەتەوە) پێدەگات کە تیایدا IND ئەنجامەکانی ئەم هەڵسەنگاندنە ڕادەگەیەنێت. پارێزەرەکەت ڕونی دەکاتەوە ئەمە چۆن کاریگەری لەسەر تۆ دەبێت. سێ بژاردە بوونیان هەیە:

1. دوای خوێندنەوەی بۆچوونەکەت لە وەڵامەکەتدا، IND دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تۆ مەرجەکانی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی پەنابەریت تیدا بەدی دەکرێت. تۆ (لە ڕێگەی پارێزەرەکەتەوە) نامەیەکت لە لایەن IND (= بڕیارەکە) پێدەگات کە ئاماژە بەوە دەکات داواکاری پەنابەریت پەسەندکراوە. دەتوانیت (بۆ ئەم کاتە) بەردەوامبیت لە مانەوە لە هۆڵەندا. پارێزەرەکەت ڕونی دەکاتەوە ئەمە چۆن کاریگەری لەسەر تۆ دەبێت.
2. IND پێویستی بە کاتی زیاترە بۆ لێکۆڵینەوە و ناتوانێت لە ماوەی ٦ ڕۆژدا (یان ٩ ڕۆژ لە (AA+)) بڕیار لەسەر داواکاری پەنابەریەکەت بدات. IND بەردەوام دەبێت لە ڕێکاری داواکاری پەنابەریت لە VA. تۆ پەڕەیەکی ترت پێدەگات کە زانیاری دەربارەی ئەم ڕێکاری پەنابەریە درێژکراوەیە تێدایە.
3. IND ڕایدەگەیەنێت کە تۆ مەرجەکانی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی پەنابەریت تێدا بەدی ناکرێت. تۆ (لە ڕێگەی پارێزەرەکەتەوە) نامەیەکت لە لایەن IND (= بڕیارەکە) پێدەگات کە ئاماژە بەوە دەکات داواکاری پەنابەریت ڕەتکراوەتەوە. بڕیارەکە هۆکارەکانی ئەم ڕەتکردنەوەیە و ئەو دەرەنجامانە ڕوندەکاتەوە کە بۆ تۆ لەبەردەستدان. بۆ نمونە، چیتر ڕێگە بە تۆ نادرێت لە هۆڵەندا بمێنیتەوە و دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەت. بە هەمان شێوە ئاماژە بەوە دەکات کە دەتوانیت چی بکەیت ئەگەر ناڕازی بیت بە ڕەتکردنەوەکە. دەتوانیت چی بکەیت بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەت. پارێزەرەکەت لەگەڵ تۆدا گفتوگۆ لەسەر فەرمانەکە دەکات.

## ڕێکاری گشتی پەنابەری (AA+)

ئایا IND ڕێکاری داواکاری پەنابەریت جێبەجێ دەکات لە ڕێکاری گشتی پەنابەری (AA+)؟ پاشان ڕێکاری پەنابەریت بە گشتی ٩ ڕۆژ دەخایەنێت:

- ڕۆژی یەکەم و دووەم: چاوپێکەوتنی ورد:

- ڕۆژی سێیەم و چوارەم: گفتوگۆکردن لەگەڵ پارێزەر؛
- ڕۆژی پێنجەم: بڕیاری یەکەم؛
- ڕۆژی شەشەم و حەوتەم: وەڵامدانەوەی بڕیار لەلایەن پارێزەر؛
- ڕۆژی هەشتەم و نۆیەم: بڕیاری دووەم

## کشاندنەوەی داواکاریەکەت

لە هەر کاتێکدابێت دەتوانیت داواکاریەکەت بکشێنیتەوە. لەم دۆخەدا، باشتر وایە پەیوەندی بە پارێزەرێکەوە بکەیت یاخود IND. ئایا داواکارییەکەت لە IND دەکشێنیتەوە؟ پاشان، چیتر ناتوانیت لە هۆڵەندا بمێنیتەوە. مەگەر لەبەر هۆکارێکی تر ڕێگەت پێ بدرێت لێرە بیت. ئیتر تۆ مافی پێشوازیکردن لە دەست دەدەیت. ئایا تۆ داواکاری پەنابەریت دەکشێنیتەوە؟ دەکرێت قەدەغەی چوونەژوورەوە وەربگریت. لە ئەنجامدا، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕێگەت پێ نادرێت گەشت بکەیت بۆ یەکێتی ئەوروپا (EU)، نەرویج، ئایسلەندا، لیشتنشتاین و سویسرا. دوای کشانەوەی داواکاری پەنابەریت، دەتوانیت دووبارە داوای پەنابەری بکەیتەوە. تەنانەت ئەگەر قەدەغەی چوونەژوورەوەشت لەسەر بێت.

## دوای ڕێکاری پەنابەری

دوای AA یان AA+، تۆ دەڕۆیت بۆ شوێنێکی تری وەرگرتنی COA.

**تۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوون وەردەگریت.**
ئەگەر IND بە ئەرێنی دەربارەی داواکاری پەنابەریت بڕیار بدات، ئەوا دەتوانیت (بۆ ئێستا) بەردەوامبیت لەژیانکردن لە وڵاتی هۆڵەندا. تۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوون وەردەگریت، مۆڵەتی کارکردنت پێدراوە و دەکرێت هەر ئەندامێکی خێزانەکەت بێتبهێنیت. هەروەها، COA یارمەتیت دەدات شوێنێك بۆ مانەوە بدۆزیتەوە. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ COA،زانیاری گرنگ لەسەر ماڵەکەت تۆمارکراوە. لەسەر ئەم بنەمایە، تۆ دەنێردرێیتە شارەوانییەکی هۆڵەندا. دواتر شارەوانی بەدوای ماڵێکی گونجاودا دەگەڕێت. شارەوانی تەنها یەکجار شوێنی نیشتەجێبوونت پێشکەش دەکات و بە گشتی پێویستە پەسەندی بکەیت. تا ئەو کاتەی شوێنیژیانی خۆتت هەیە، دەتوانیت لە ناوەندی وەرگرتنی COA بمێنیتەوە. IND دەربارەی ماف و ئەرکەکانت دوای پێدانی داواکاری پەنابەریت ئاگادارت دەکاتەوە. کارمەندانی VWN دەتوانن لە تێکەڵاوبوون بە کۆمەڵگای هۆڵەندی یارمەتیت بدەن. ئەوان ڕێگەی گەیشتنت بە IND. هەروەها دەتوانێت لە گواستنەوە بۆ شارەوانی و دۆزینەوەی خوێندن یاخود کار یارمەتیت بدات. هەروەها VWN دەتوانێت لە هێنانی ئەندامانی خێزانەکەت یارمەتیت بدات.

**تۆ مۆڵەتی نیشتەجێ بوون وەرناگریت،**
ئەگەر IND داواکاری پەنابەریەتی تۆی ڕەتکردەوە، ئەوادەتوانیت لە دادگایەکی هۆڵەندی بەراوێژکردن لەگەڵ پارێزەرەکەت تانە لەم بڕیارە بدەیت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە تۆ بە فەرمی ڕاپۆرت بدەیت بە دادگا لەوەی کە نارازیت بە بڕیارەکەی IND. بە شێوەیەکی گشتی تۆ دەتوانیت چاوەڕێی ڕێکاری پێداچوونەوە بکەیت لە هۆڵەندا. ئەگەر ئەمەڕێگەپێدراو نەبوو، دەتوانیت لە دادوەر بپرسیت ئاخۆ دەتوانیت لە هۆڵەندا بمێنیتەوە لە ماوەیڕێکاری پێداچوونەوەدا. پارێزەرەکەت لەم کارەدا یارمەتیت دەدات. دواتر دادوەرەکە لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر ئەوەی ئاخۆ IND بە شێوەیەکی گونجاو یاسای هۆڵەندی جێبەجێ کردووە کاتێك بڕیار لەسەر داواکاری پەنابەریەتی تۆ دەدات.

ئەگەر IND داواکاری پەنابەری تۆی ڕەتکردەوە، ئەوا تۆ دەبردرێیت بۆ ناوەندێکی تری پەنابەران. لێرەدا، بە گشتی ٢٨ ڕۆژت لەبەردەستدایە بۆ ڕێکخستنی دەرچوونت لە هۆڵەندا. دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە، چیتر مافی پێشوازیکردنت نییە. چیتر ڕێگەت پێ نادرێت لە ناوەندی داواکەرانی پەمابەرێتی بژیت. تەنانەت دوای ڕێکاری پەنابەری، دەتوانیت بۆ پاڵپشتی و زانیاری پەیوەندی بکەیت بە VWN.

**گەڕانەوە**
تۆ بەرپرسیاریت لە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت. Dienst Terugkeer en Vertrek (DT&V) یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی خۆت ئامادە بکەیت. بۆیە، DT&V دوای ڕەتکردنەوەی داواکاری پەنابەریەکەت پەیوەندیت پێوە دەکات. ئەگەر بە ئازادانە لە ماوە دیاریکراوەکەدا نەڕۆیت، ئەوا DT&V دەتوانێت هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی ناچارت بکات هۆڵەندا بەجێبهێڵیت.

ئایا دەتەوێت لەگەڵ DT&V قسە بکەیت دەربارەی گەڕانەوەی پێشوەختە؟ دواتر پارێزەرەکەت یان VWN دەتوانن پەیوەندیت بۆ دابین بکەن لەگەڵ DT&V. هەروەها دەتوانیت بە ناردنی ئیمەیڵ بۆ ilc@dtv.minvenj.nl پەیوەندی بکەیت بە DT&V

ئەگەر دەتەوێت بە شێوەیەکی خۆبەخش بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت، تکایە پەیوەندی بکە بە DT&V یاخود Internationale Organisatie voor Migratie (IOM) . ماڵپەڕەکەیان چۆنیەتیەکە ڕوندەکاتەوە. هەروەها دەکرێت زانیاری دەربارەی گەڕانەوە و ئەو پشتیوانییە لەخۆ دەگرێت (پاڵپشتی دەرچوونی بنەڕەتی و/یان پاڵپشتی دووبارە تێکەڵبوونەوە) وەربگریت. ئەوان دەتوانن زانیاری کرداریت پێشکەش بکەن و لە دەرچوونت یارمەتیت بدەن. دەتوانیت سەردانی IOM بکەیت لە ناونیشانەکانی وەرگرتنی COA. هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بە VWN یان ڕێکخراوەکانی ترەوە بکەیت بۆ پرسیارەکان دەربارەی ئەگەرەکانی گەڕانەوە و پاڵپشتی.

## ڕێکاریکردنی زانیاری کەسی

زانیاری کەسی واتە هەر جۆرە زانیاریەك دەربارەی تۆ. ئەو ڕێکخراوانەی بەشداری ئەم پەڕەیە دەکەن لە خوارەوە ڕیزکراون. ئەم ڕێکخراوانە زانیاری کەسی ڕێکاری دەکەن لە کاتی ڕێکاریکردنی داواکاری، ڕاپۆرت یان داواکاریەکەت. ئەوان زانیاریت لێدەکەن و هەروەها پەیوەندی بە ڕێکخراوەکان یان کەسانی ترەوە دەکەن ئەگەر پێویست بکات. ئەگەر بە پێی یاسا داوا بکرێت ئەم ڕێکخراوانە زانیارییەکان بەکاردەهێنن و هەڵدەگرن و دەگوازنەوە بۆ ڕێکخراوەکانی تر. یاسای تایبەتمەندێتی پابەندبوون بۆ ئەو ڕێکخراوانە دیاری دەکات کە زانیارییەکان ڕێکاری دەکەن. بۆ نمونە، پێویستە بە وردی و بە پارێزراوی مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکاندا بکەن. بە هەمان شێوە یاسای تایبەتمەندی مافەکانت دیاری دەکات. بۆ نمونە، لەسەر داواکاری، تۆ ئەم مافانەی خوارەوەت هەیە:

- وردەکانی لە زانیارییە زانراوەکانت بۆ ڕێکخراوەکان؛
- زانینی ئەوەی کە ڕێکخراوەکان چی لە زانیارییەکانت دەکەن و بۆچی؛
- زانینی ئەوەی کە زانیارییەکانت گواستراوەتەوە بۆ چی ڕێکخراوێك.

ئایا دەتەوێت زیاتر بزانیت دەربارەی ڕێکاریکردنی زانیارییە کەسییەکان و مافەکانت؟ تکایە سەیری ماڵپەڕەکانی ڕێکخراوەکان بکە.

## داواکاری پەنابەری لە زیندانی کۆچبەران

ئایا ڕێگەپێنەدراوە بە مانەوە لە هۆڵەندا و خۆت لە هۆڵەندا جێنەهێڵیت؟ دواتر دەکرێت لە زیندانی کۆچبەراندا جێگیربکرێیت. زیندانیکردنی کۆچبەران واتە مانەوە لە بینایەکی داخراو (ناوەندی دەست بەسەرکردن). ئامانجی هێشتنەوەی ئەو کەسانەی کە ڕێگەپێنەدراون لە هۆڵەندا بمێننەوە بۆ بەردەستن بۆ دوورخستنەوەی زۆرەملێ.

ئایا تۆ لە زیندانی کۆچبەرانیت و داوای پەنابەری دەکەیت؟ یان داوای پەنابەری دەکەیت و دواتر لە زیندانی کۆچبەراندا زیندانی دەکرێیت؟ دواتر مامەڵەی داواکاری پەنابەریەکەت لە JCS ئەنجام دەدرێت. پێویستە IND لە ماوەی شەش هەفتەدا بڕیار لەسەر داواکارییەکەت بدایت.

بە گشتی تۆ دەبردرێیت بۆ بینای JCS. بەڵام دەکرێت هەر لەو شوێنە بمێنیتەوە کە ئێستا تێیدا دەمێنیتەوە. ئایا بۆ یەکەم جار دەچیت بۆ JCS و داوای پەنابەری دەکەیت؟ پاشان، دوای گەیشتنت، هەندێك جار IND داوات لێدەکات پرسیارنامەیەك لەسەر کاغەز یان کۆمپیوتەر پڕ بکەیتەوە. ئەم فۆڕمە پێی دەوترێت فۆرمی تۆمارکردن. ڕەنگە IND بڕیار بدات کە فۆرمی تۆمارکردن بەکارنەهێنێت، بۆ نمونە، لە ماوەی کاتەکانی سەرقاڵبوون.

دواتر یەکەم چاوپێکەوتنت لەگەڵ IND بۆ ڕێکدەخرێت، ئەمە پێی دەوترێت چاوپێکەوتنی خۆ تۆمارکردن. ئەمە چاوپێکەوتنێکی گرنگە کە تێیدا IND پرسیارت لێدەکات. لە ماوەی ئەم چاوپێکەوتنەدا، IND دەیەوێت زانیاری وەربگرێت لەبارەی ئەوەی کێیت و لە کوێوە هاتوویت. بە هەمان شێوە دەربارەی گەشتەکەت و ئەوەی بۆچی لە هۆڵەندایت. پرسیارت لێ دەکرێت دەربارەی:

- ناسنامە، نەتەوە، وڵاتی ڕەسەن، شوێنی نیشتەجێبوون و ژینگەی ژیانت؛
- خێزان؛
- بەڵگەنامەکان؛
- پەروەردە؛
- دامەزراندن و خزمەتی سەربازی؛
- ژیانکردن لە وڵاتانی جیاواز؛
- گەشتەکەت بۆ هۆڵەندا؛
- بە کورتی: ئەو هۆکارەی کە تۆ داوای پەنابەری لەسەر دەکەیت.

ڕاستگۆبە و هەمیشە زانیاری ڕاستەقینەی خۆت پێشکەش بکە. لەبەر ئەوە، ئەو زانیارییانە بەکارمەهێنەوە کە لە بەڵگەنامەی ساختەدا (گەشت) هەیە. هەروەها ئەوش بڵێ ئەگەر ناوی نادیار (ناوی ساختە)ت بەکارهێناوە. ئەگەر زانیاری یان وردەکاری هەڵە یاخود ناتەواو پێشکەش بکەیت بە IND، ئەوا ڕەنگە ئەمە نەرێنی بێت بۆ بڕیاردان لەسەر داواکاری پەنابەریت.

IND ڕاپۆرتێك لەسەر چاوپێکەوتنەکە دەدات. تۆ لە پارێزەرەکەتەوە وێنەیەکی ڕاپۆرتەکە وەردەگریت. تۆ پارێزەرێك وەردەگریت کە یارمەتیت دەدات بۆ ئامادەکردنی پرۆسەی گشتی پەنابەری. بە هەمان شێوە دەتوانیت پارێزەرێك بدۆزیتەوە. پارێزەرەکەت یاسا و ڕێساکانی پەنابەری دەزانێت. وە دەزانێت چاوپێکەوتنە وردەکە چەندێك گرنگە. ئەمە گفتوگۆیەکە لەگەڵ IND کە تێیدا تۆ ڕوونی دەکەیتەوە بۆچی داوای پەنابەری دەکەیت. بە گشتی پێویست بەوە ناکات بۆ پارێزەرەکە پارە بدەیت. ئەمە ئەو شتەیە کە Raad voor Rechtsbijstand بۆ تۆ ئەنجامی دەدات.

ڕێکاری گشتی پەنابەری (AA) یان (AA+) لە زیندانی کۆچبەراندا هەمان ڕێوشوێنی ئەو پەنابەرانەیە کە لە زیندانی کۆچبەراندا نین. لە سەرەوەی ئەم پەڕەیە، دەتوانیت ئەوە بخوێنیتەوە کە چی ڕوودەدات لە هەر ڕۆژێکی ڕێکاری گشتی پەنابەری AA یان AA+.

**پرۆسەی پەنابەری ئاسانکراو**
ئایا تۆ خەڵکی وڵاتێکی سەلامەتیت، ئایا تۆ هاوڵاتییەکی یەکێتی ئەوروپایت یان خاوەنی پاراستنی نێودەوڵەتیت؟ ئەگەر بەڵێ، ئەگەری زۆر هەیە کە مافی پەنابەریت پێنەدرێت. دواتر IND داواکاریەکەت بە ڕێکارییەکی ئاسان و خێرا ئەنجام دەدات. لە ماوەی ئەم ڕێکارییەدا، تەنها 1 چاوپێکەوتن لەگەڵ IND ئەنجام دەدەیت. هەروەها ئەگەر تۆ پێشتر مۆڵەتی نیشتەجێبوونت هەبێت لە هۆڵەندا، وڵاتێکی دیکەی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، نەرویج، ئایسلەندا، لیشتنشتاین یان سویسرا، ئەوا ئەمە جێبەجێ دەبێت. IND هەڵسەنگاندنی ئەوە دەکات کە تۆ ڕاتگەیاندووە لەبارەی هۆکارەکانت بۆ داواکردنی پەنابەری. وە بڕیار دەدات کە ئاخۆ تۆ مۆڵەتی پەنابەری وەردەگریت یاخود نا. زیاتر بخوێنەوە دەربارەی ڕێکاریی پەنابەری ئاسانکراو.

لیستی وڵاتە سەلامەتەکان
ئەلبانیا، ئەرمینیا، بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، بەرازیل، جۆرجیا، غانا، هیندستان، جامایکا، کۆسۆڤۆ، مەغریب، مەنگۆلیا، مۆنتینیگرۆ، مەقەدۆنیای باکور، سێنیگال، سربیا، ترینیداد و تۆباگۆ، تونس، ئەمریکا.

ئەم لیستە لەژێر گۆڕانکاریدایە: دەکرێت وڵاتان زیاد بکرێن یان لاببرێن. ئەمەش پشت دەبەستێت بە ئاستی ئاسایش لە وڵاتێکدا. نوێترین وەشانی لیستی وڵاتە سەلامەتەکان لەسەر ماڵپەڕی حکومەتی نیشتمانی بوونی هەیە: www.rijksoverheid.nl

**دوای ڕێکاری پەنابەری**
ئایا IND داواکاری پەنابەری تۆ ڕەتدەکاتەوە؟ پاشان بە ڕاوێژکردن لەگەڵ پارێزەرەکەت، دەتوانیت لە دادگایەکی هۆڵەندی تانە لە دژی ئەم بڕیارە بدەیت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە تۆ بە فەرمی ڕاپۆرت بدەیت بە دادگا لەوەی کە ناڕازیت بە بڕیارەکەی IND.
بە هەمان شێوە دەتوانیت داوا لە دادگا بکەیت لەوەی کە بتوانیت لە ماوەی ڕێکاری تێهەڵچوونەوە لە هۆڵەندا بمێنیتەوە. پارێزەرەکەت لەم کارەدا یارمەتیت دەدات.

دواتر دادوەرەکە لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر ئەوەی ئاخۆ IND بە شێوەیەکی گونجاو یاسای هۆڵەندی جێبەجێ کردووە کاتێك بڕیار لەسەر داواکاری پەنابەریەتی تۆ دەدات. لە زۆربەی دۆخەکاندا دەتوانیت لە هۆڵەندا چاوەڕێی بڕیاری دادگا بکەیت. بەڵام لە شوێنی داخراودا دەهێڵرێیتەوە.

**گەڕانەوە**
ئەگەر ڕێگەپێدراو نیت لە هۆڵەندا بمێنیتەوە، ئەوا تۆ بەرپرسیاریت لە دەرچوونت لە هۆڵەندا.
DT&V) Dienst Terugkeer en Vertrek) دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی خۆت ئامادە بکەیت بۆ دەرچوون. بۆیە، DT&V دوای ڕەتکردنەوەی داواکاری پەنابەریەکەت پەیوەندیت پێوە دەکات. ئەگەر بە ئازادانە لە ماوە دیاریکراوەکەدا نەڕۆیت، ئەوا DT&V دەتوانێت هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی ناچارت بکات هۆڵەندا بەجێبهێڵیت. ئایا دەتەوێت لەگەڵ DT&V قسە بکەیت دەربارەی گەڕانەوەی پێشوەختە؟ پاشان پارێزەرەکەت یان COA دەتوانن لەگەڵ DT&V پەیوەندیت بۆ دابین بکەن. یاخود دەتوانیت خۆت پەیوەندیمان پێوە بکەیت بە ناردنی ئیمەیڵێك بۆ ilc@dtv.minvenj.nl

ئەگەر دەتەوێت بە شێوەیەکی خۆبەخش بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت، تکایە پەیوەندی بکە بە (DT&V) یاخود Internationale Organisatie voor Migratie (IOM). ماڵپەڕەکەیان چۆنیەتیەکە ڕووندەکاتەوە. هەروەها دەکرێت زانیاری دەربارەی گەڕانەوە و ئەو پشتیوانییە لەخۆ دەگرێت (پاڵپشتی دەرچوونی بنەڕەتی و/یان پاڵپشتی دووبارە تێکەڵبوونەوە) وەریگریت. ئەوان دەتوانن زانیاری کرداریت پێ بدەن و لە دەرچوونت یارمەتیدەریت بن. بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانیت لە ناوەندی زیندانیکردن سەردانی IOM بکەیت. هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بە VWN بکەیت بۆ پرسیارەکان دەربارەی ئەگەرەکانی گەڕانەوە و پاڵپشتی.

## پرسیارە بەردەوام کراوەکان

**کەی ڕێکاری گشتی پەنابەری دەست پێدەکات؟**
دوای تۆمارکردنی داواکاری پەنابەری لەگەڵ پۆلیس، چاوەڕێی یەکەم چاوپێکەوتن دەکەیت لەگەڵ IND. ئەمە پێی دەوترێت چاوپێکەوتنی تۆمارکردن. دوای ئەوە، تۆ بەلایەنی کەمەوە ٦ ڕۆژت لەبەردەستدایە بۆ ئامادەکاری بۆ ڕێکاری پەنابەری ڕێکاری گشتی پەنابەری (AA) یان (AA+). لەڕاستیدا، بەرلەوەی ڕێکاری پەنابەری دەستپێبکات کاتی زیاتر دەخایەنێت. لە هەندێک بارودۆخدا، هیچ کاتێکی ئامادەکاریت پێنابەخشرێت. لە ناوەندی پێشوازی COA، نامەیەکت پێدەگات کە تیایدا IND بانگهێشتت دەکات بۆ چاوپێکەوتنێکی ورد.

**پێویستە چەندێك چاوەڕێبم هەتا IND بڕیاربدات؟**
زۆربەی کات ڕێکاری پەنابەری گشتی (AA) ٦ ڕۆژ یان (AA+) ٩ ڕۆژی کارکردن دەخایەنێت. هەندێك جار IND ناتوانێت لەو ماوەیەدا بڕیار بدات، بۆ نمونە دەکرێت نەخۆشبیت لە کاتی ڕێکاری پەنابەری. لەو دۆخەدا، IND دەتوانێت ڕێکاری پەنابەری گشتی (AA) یان (AA+) بۆ ماوەی ٦ ڕۆژی تر درێژ بکاتەوە. بە شێوەیەکی گشتی نووسینگەکانی IND لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەدا داخراون، ئەمانە ڕۆژی کارکردن نین. هەروەها IND دەتوانێت لە ماوەی ڕێکاری پەنابەری درێژکراوە بڕیاربدات بەزیاتر وردبوونەوە لە داواکاری پەنابەرییەکەت. دواتر تۆ پەڕەیەکی ترت پێدەگات کەزانیاری تێدایە دەربارەی ئەمڕێکاری پەنابەرییە درێژکراوەیە. یاساکە ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت IND لە بەرواری داواکاری پەنابەرییەکەتەوە لە ماوەی چەند مانگدا بڕیار بدات. ئەمە ماوەی بڕیاردانی یاساییە. ماوەی بڕیاردانی یاسایی بخوێنەرەوە لە [www.ind.nl/en/decision-periods](http://www.ind.nl/en/decision-periods) یان [www.ind.nl/beslistermijnen](http://www.ind.nl/beslistermijnen). هەندێك جار ماوەی بڕیارەکە درێژ دەکرێتەوە. بەڵام نابێت INDزیاتر لە 21 مانگ زیاتری پێبچێت بۆ بڕیاردان.

ئایا IND لە ماوەی بڕیارداندا بڕیارەکەی بۆ تۆ نەناردووە؟ لەو دۆخەدا، دەتوانیت بە نامە داوا لە IND بکەیت بۆ بڕیاردانی خێرا لەسەر داواکاری پەنابەریت. پارێزەرەکەت دەتوانێت لەم کارەدا یارمەتیت بدات.

**پێم باشترە چیرۆکی پەنابەریم بۆ پیاوێك یان ژنێك بگێڕمەوە. ئایا دەکرێت ئەمە ڕێکبخرێت؟**
بەڵێ، دەتوانیت ئەمە لە چاوپێکەوتنی خۆ تۆمارکردندا دەربخەیت (= چاوپێکەوتن لەگەڵ IND). دواتر IND هەوڵدەدات کارمەندی نێر یان مێ و وەرگێڕێکی نێر یان مێ دابین بکات بۆ چاوپێکەوتنی ورد.

**چی بکەم ئەگەر نەخۆشبم یاخود دووگیان بم؟**
ئەگەر نەخۆش بوویت یان دووگیان بوویت، لە کاتی پشکنینەکەدا داوای ئامۆژگاری پزیشکی لە پەرستارەکە بکە (پەراوەکە ببینە: پێش ئەوەی ڕێکاری پەنابەریت دەست پێبکات). ئەمە بە تایبەتی لە کاتەدا گرنگە کە تۆ نەخۆشییەکی گوازراوەت هەبێت یان پێت وابێت کە نەخۆشییەکی گوازراوەت هەیە وەکو: نەخۆشی سیل، کۆپان یان ئاوسانی جگەری ب، وە هەر شتێك کە تۆ بە پەرستارەکەی دەڵێیت بە نهێنی دەمێنێتەوە. پەرستار بەبێ مۆڵەتی تۆ، هەرگیز دەربارەی تەندروستیت زانیاری بە کەسانی تر نادا. ئەگەر لە ماوەی ڕێکاری پەنابەریدا نەخۆش کەوتیت، COA یان IND یان VWN ئاگاداربکەرەوە. ئەوان دەتوانن هاوکاریت بکەن لە وەرگرتنی باشترین یارمەتی (تەندروستی). ئایا لەو ڕۆژەدا نەخۆش دەبیت کە چاوپێکەوتنێکت لەگەڵ IND یان پارێزەرەکەت هەیە؟ پاشان داوا لە COA بکە ئەمە بگەیەنن بە IND یان پارێزەرەکەت.

**ئایا دوای خوێندنەوەی ئەم پەڕەیە هیچ پرسیارێکت هەیە؟**
دەتوانیت ئەم پرسیارانە لە پارێزەرەکەت یان یەکێك لە کارمەندەکانی COA، IND یان VWN بکەیت.

**ئایا سکاڵات هەیە؟**
هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە بەشدارن لە ڕێکاری پەنابەریدا بە شێوەیەکی پیشەیی و ڕێك و پێك کار دەکەن. ئایا هێشتا هەست بەوە دەکەیت کە لەلایەن ڕێکخراوێکەوە بە باشی مامەڵەت لەگەڵ نەکرابێت؟ پاشان دەتوانیت سکاڵایەك تۆمار بکەیت. پارێزەرەکەت یان VWN دەتوانن لەم بابەتەدا یارمەتیت بدەن.

وەزارەتی داد و ئاسایش
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆچبەران
www.rijksoverheid.nl

ڕێگەنادرێت هیچ مافێك لە ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوەیە وەربگیرێت. ئەگەر وەگێڕانەکە ببێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی لە وەگێڕاندا، وەشانی هۆڵەندی زاڵ دەبێت.

ئەم بڵاوکراوەیە بریتییە لە وەشانێکی هاوبەشی:
Afdeling Vreemdelingenpolitie, Identificatie en Mensenhandel (AVIM)
Nidos
Centraal Orgaan opvang asielzoekers (COA)
Immigratie- en Naturalisatiedienst (IND)
Koninklijke Marechaussee (KMar)
Raad voor Rechtsbijstand (RvR)
VluchtelingenWerk Nederland (VWN)
Internationale Organisatie voor Migratie (IOM)
Dienst Terugkeer en Vertrek (DT&V)

ڕاستێندراو لەلایەن: